# یادەوەریی منداڵیم

فەرید مەخموری - ئوستراڵیا

makhmuri@hotmail.com



ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ئەوەندەی وابەستەی ڕابردوومانین، هێندە پەیوەست نین بە داهاتومانەوە!.یان بە دیوێکی تر، ئەوەندەی بیر لە ڕابردوومان دەکەینەوە هێندە
لە ڕەهەندەکانی دوارۆژ قووڵ نابینەوە!. ئێمە هەمیشە لە ڕابردوودا دەژین. نە (ئێستا)
لە کنمان نرخێکی هەیە و، نە دەزانین گرنگیی ئێستا چ باندۆرێک لەسەر داهاتوو دروست دەکات!. سایکۆلۆژیای مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەر وایە، هەردەم دەستی بە بوخچەی پڕ لە یادگاری ڕابردوویەوە گرتوە نەوەک سێڵاوی داهاتوو لەگەڵ خۆیدا
بۆ سیاچاڵەکانی ونبوونی ببات!. ناحەقیش نین، لەکاتێکدا داهاتووی نەهاتوو دڵنیامان ناکاتەوە لەناو خۆیدا چ زەمینەیەکی ڕەخساندووە تیایدا بتوانین ماچێکی تەڕ لە لێوی یادگاریەک بکەین و ئەم یادەوەریەش بۆ هەتایە لە تۆماری هەستماندا بە سەوزی بمێنێتەوە!.چۆن بتوانین پووش و پەڵاشی یادەوەریە شەنگەکانی ڕابردوو، بدەینە دەست بۆرانی داهاتوو؟!.
بەم بەراییە کورتە دەمەوێ بگەڕێمەوە حزووری یەکێک لە یادگاریە خۆشەکانی سەردەمی منداڵیم، کە هەرچەندە چارەکە سەدەیەک زیاتری بەسەردا تێپەریوە، بەڵام چونکە ئەم یادگاریە پڕیەتی لە جوانی و پاکیزەیی، لە پەند و ئامۆژگاریی. هەروادەزانم دوێنێیەو بۆ هەتایە بە بەرزی و نەمری لەناو میمۆری ئەندێشەمدا دەمێنێتەوە!.
هێشتا ژمارەی مۆمە کوژاوەکانی تەمەنم لە پەنجەکانی دەست تێنەپەڕیبوون
ئەوسا ماڵباتەکەمان لە ترسی چەقۆ وەشێن و کورتە باڵاکانی بەعس بەناچاری
لە مەخمور کۆچی نەکردبوو. منیش وەکو سروشتی هەموو منداڵێک لە نزیک و لەژێر چاودێری دایکمدا زۆربەی کاتەکانم بەسەر دەبرد. دایکیشم برادەرو دەستە خوشکی نزیکی پوورە ساکینە بوو، کە ئێمەی منداڵانی گەڕەک، گەورە و بچووک هەر بە (پلکە سەکین) ناومان دەبردا!. پلکە سەکین هاوسەری مام عومەر عەباس و، دایکی هونەرمەند شەهاب مەخموری بوو. کەسێکی دەست و دڵپاک، دڵ گەورە و بەلەنگاز. نموونەی ئافرەتی ڕەسەنی کوردەواری و لێوانلێو لە قسەی خۆش و نەستەقی پڕ لە پەند و ئامۆژگاریی بووا!. ئافرەتێکی سەر ڕاست و بە بەزەیی. کورد گوتەنی (ئەوەی لە ناو دڵی بوو، لەسەر زاری بوو). ئەو ئافرەتە مەزنە بەهۆی ئەوەی دراوسێی ساڵانی ساڵمان بوو و لەگەڵ دایکم (کە ئەوسا هێشتا بە "حاجی زرێخ" ناومان نەدەبرد) هاوخەم و هۆگری یەکتری بوون.
هەر کامیان دەرفەتێکی بچووکی بۆ بڕەخسایە بۆ ئەوەی تری بەسەر دەکردەوە!. یان زۆرجار، بەتایبەتی لە وەرزی بەهاراندا دوای نیوەڕۆیان لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئافرەتانی تری گەڕەک ڕێک دەکەوتن و دەچوونە ئەم دەشت و دەر و قەدپاڵە بۆ کات بەسەر بردن و (کەنگر و تۆرکە و کاردی

کردن). منیش وەکو گوتم بەپێی کەمیی تەمەن و هۆگر بوونم بە دایکمەوە دەگەڵ کۆمەڵی ژنانی گەڕەک دەکەوتم و بە گەیشتنم بەو پێدەشتە کاکی بەکاکیەی مەخمور، ئەوەندەی ئەفسوونی ئەم دەشت و دەرە سەرسام و شاگەشکەی دەکردم. سەد ئەوەندەش قسەخۆش و نەستەق و گرانبەهاکانی پووره سەکین کاریان تێدەکردم!.کاتێ کۆمەڵی دەستە خوشکانیش داوای ئەوەیان لێدەکرد کە لە دواپین پەندی کوردواری و شیعری فۆلکلۆری و شتی تری هەمەجۆر ئاگاداریان بکاتەوە، ئەویش بە گوفتارە شیرین و خەندە گەشەکانی دەهاتە ئاخافتن و بەشێک لە داواکانیانی بەجێ دەگەیاند. بۆ نموونە، بیرمە جارێک لە یەکێک لە قسەکانیدا ئەم پارچە شیعرە میللیەی بەکار هێنا:

بە حەچە حەچەی کەرێ
مامە دەچیە کێندەرێ؟
وەڵلا دەچمە (توو ڕەق)ی
سەرم لەبرسا تەقی !.

ئیتر، چونکە ئەوسا سەرەتای باڵەفڕکێم بوو لە ئاسمانی درەوشاوەی شیعر و،
بیری تیژی منداڵیم یەکسەر ئەم پارچە شیعرە پڕ لە ڕەهەندەی لە مێشکمدا تۆمار کردو تاهەتایەش هیچ کاریگەریەک ناتوانێ لەناو دڵ و هەستمدا دەریبێنێت!. ڕاستە ئەم پارچە شیعرە لە ڕواڵەتدا بە زمانێکی سادە و فۆڕمێکی لاواز نووسراوەو وەکو هەزاران پارچە شیعری فۆلکلۆری تر خاوەنەکەی نادیارە، بەڵام من دڵنیام ڕووداوێکی واقیعی و ڕامانێکی قووڵ لەپشتیەوەن!، چونکە دیرۆکی کورد تەژیە لە نەهامەتی و قات و قڕی و چەرمەسەری و برسیەتی، ڕەنگە ئەم مامە پیرەیەش لەبرسان و لەبەر دەست تەنگیی ژیان بە سواری کەرێکەوە بەرەو (تووڕەق) سەری خۆی هەڵگرتبێت!.
با درێژ دادڕی نەکەم و لە نێوەڕۆکی باسەکە دوور نەکەومەوە، کە باسکردنە لە ژیانی پڕ لە پەند و ئامۆژگاریی پووره سەکینی نەمر
گەورەیی ئەو مرۆڤە مەزنە لەوەدابوو، سەرەڕای ئەوەی لە ژیانێکی پڕ لە غەم و چاوەڕوانیدا دەژیا بەڵام نەهامەتی ژیان چۆکی پێ دانەدەدا و نەیدەتوانی بۆ جارێکیش زەردەخەنەی ئومێد لە دڵ و ڕووخساریدا بتۆرێنێت!. سەرباری ئەوەی
(کاک مەشعان)ی کوڕە گەورەی پووره سەکین ساڵانێک بوو لە جەنگی بێ ئەنجامی ئێران و عێراقدا بە دیل گیرابوو، بەڵام ئەو قەت مۆمی هیوا لە دڵە گەورەکەی نەدەکوژایەوە و یەکێک لە ئاواتە گەورەکانی دووبارە گەڕانەوەی کوڕەکەی بوو!. تا سەرئەنجام ئەو خۆزگەیەی هاتەدی و پێی شاد بوەوە. بەڵام ساڵانێک پێش گەڕانەوەی کاک مەشعان، دەمەو ئێوارەیەک پووره سەکینم بینی لەبەر دەرگاکەی خۆیان دانیشبوو و خەیاڵێکی قووڵ دایگرتبوو ، چاوەکانی ئەمجارە پڕ لە هیوا نەبوون بەڵکوو تەژی بوون لە فرمێسکی تەنیایی!. بێزاری و بێتاقەتیەکی لە ڕادەبەدەری پێوە دیار بوو. منیش لەم تەمەنەی منداڵیمدا پێم شتێکی سەیر بوو و وەک هەمووو جارەکانی تر ئەفسوونی پووره سەکین بۆ لای خۆی پەلکێشی کردم و وای لێکردم بچم لێی نزیک بکەومەوە. ئەویش وەک هەمیشە سۆزی دایک بۆ منداڵەکەی فەرمانی دانیشتنی پێکردم و یەکسەر پاش تۆزێک دەستی کرد بە لاواندنەوەی دڵی تەنیای و ئەم پارچە شیعرەی گوت، کە تائێستا کەس گوێی لێ نەبووەو یەکەمجارە پاش نزیکەی بیست و پێنج ساڵ بڵاو دەبێتەوە:

کوڕم گەورە کرد بەکراسی بەری
لە دەستم ڕۆیی چوە عەسکەری
کوڕم گەورە کرد زۆر بە زەلیلی
پیرە خومێنی گرتی بە دیلی
کوڕم گەورە کرد هەر بە فەقیری
ماری وێرانم چووە (ئەسیر)ی
هەیرۆ کوڕەکەم، تاقە کوڕەکەم
وا لۆت دەسوتێ جەرگ و درەکەم!..

ئیتر چەند خولەکێک پاش تەواو بوونی ئەم پارچە شیعری لاواندنەوەیە شار بەرەو خامۆشی و تاریکی چوو و منیش بە ناچاری خاترم لە پوورە سەکین خواست و گەڕامەوەماڵەوە کە تەنیا چەند هەنگاوێک لە ماڵیان دوور بوو. ئەو شەوە تا بەیانی ئەم پارچە شیعرەم لەبەر خۆم گوتەوە، تا وای لێهات بە تەواوی لە مێشکمدا تۆمار بوو. ئێستاش چەندجاری بیر لەو یادەوەریە گەشەی منداڵیم دەکەمەوە، دەگەمە ئەو باوەڕەی کە پوورە سەکین سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو سیفاتە باشانەی کە ئاماژەم پێدان،
لە دڵی خۆی و لەناو خۆیدا شاعیرێکی گەورەش بوو. بەڵام داخەکەم ئەوسا بەهۆی کەمیی تەمەنم کاریگەری شیعریش کەم بوو بەسەرمەوە!. یەکێک لە هیواکانم ئەوەیە
بۆ ساتێکیش زەمەن بەرەو دواوە بگەڕێتەوەو تیایدا دووبارە بە خزمەتی پوورە سەکین بگەمەوەو بە نووکی پێنووسەکەم هەموو ئەو هۆنراوە گرانبەهایانە بنووسمەوە کە لەناو دڵە گەورەکەی پەنگی خواردبۆوە!. خۆزگە ئەم دونیای تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنەی ئێستا سەدان ساڵ لەمەوبەر هەبوایە، ئەوسا ناوی هەزاران هەنەرمەندو شاعیری گەورە
ون نەدەبوون و لە ئاسمانی کەلتوری کوردیدا دەدرەوشانەوە.
ماوەتەوە بڵێم پوورە سەکین لە 16.5.1996، لەدوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیی، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ هەتایە لە سۆزی دایکایەتی و لە دیداری گەشی خۆی بێبەشی کردین.!. لێرەوە، لە دوورترین کیشوەری دونیا و لە پشت شەپۆڵە سەرشێتەکانی (زەریای پاسەفیک) سەری ڕێز دادەنوێنم بۆ گڵکۆی پوورە سەکین. یادی بەخێر و، دڵنیام ناوی پیرۆزی بۆ هەمیشە لەدڵ و دەروونماندا
بە جوانیی و بە زیندوویی دەمێنێتەوە..